# دادوەری لە بەخشین لە بەینی منالان وە جیاوازی نەکردن لە بەینی کوڕو کچ

لە نوعمانی کوڕی بەشیرخوا لێیان ڕازی بێ دەفەرموێ : ( تصدق علي ابي ببعض ماله ، فقالت امي –عمرة بنت رواحة– لا ارضى حتى تشهد رسول الله صلى الله عليه وعلى اله وسلم ، فانطلق ابي الى النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم ليشهده على صدقتي فقال له رسول الله صلى الله عليه وعلى اله وسلم افعلت هذا بولدك كلهم ؟ قال : لا ، قال : اتقوا الله واعدلوا بين اولادكم ) –متفق عليه– وفي رواية قال النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم : فلا تشهدني اذن ، فاني لا اشهد على جور –اخرجه مسلم – واتە : ( باوکم بە سەدەقە هەنێك لە ماڵی خۆی پێ بەخشیم دایکم ووتی =عمرة بنت رواحة= ڕازی نابم تا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەکەی بەشایەد لە سەر ، باوکم چوو بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم بۆ ئەوەی بیکا بە شاهێد لە سەر سەدەقەکەی بە من پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم پێی فەرموو ئەوەت بۆ هەموو منالەکانت کردووە ؟ ووتی نا فەرموی : تەقوای خوا بکەن = لەخوا بترسن = دادوەر بن لە بەینی منالەکانتان ) لە ڕیوایەتێکی تر پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرموی : ( من مەکە بە شاهێد ، چونکە من نابم بە شاهێد لە سەر ستەم ) .

وە لە ئەنەس خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( كان رجل جالس مع النبي صلى الله عليه وسلم ، فجاءه ابن له فأخذه فقبله ثم أجلسه في حجره ، و جاءت ابنة له ، فأخذها إلى جنبه ، فقال النبي صلى الله عليه وسلم ألا عدلت بينهما ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 2883 واتە : ( پیاوێك دانیشتبوو لە گەڵ پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ، ئەو پیاوە کوڕێکی هات بۆ لای گرتیە باوەش و ماچی کردو لە کۆشی خۆی داینا ، وە کچێکی هات ، خستیە تەنیشتی خۆی ، پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەمە بۆ دادوەریت نەکرد لە بەینیان =عەدل نەبوی لە بەینیان دەبوا هەردوکیانت وەك یەك بخستایە باوەش و ماچت بکردنایە= ) .

**لە سوودەکانی ئەم دووفەرموودە**

1– دروست نیە فەرق و جیاوازی بکەی لە بەینی منالٚ بەوەی ماڵ و سامانت بدەی بە یەکێکیان و ئەوانی تر بێ بەش بکەی .

2- وه هەروەها بۆ کچیش نا بێ فەرقی پێ بکەی لە گەڵ کوڕەکەت ئەو ماڵەی بە کوڕەکەتی بدەی ئەبێ بیدەی بە کچەکەشت وەك یەك نابێ نیوه بدەی بە کچ بە بیانوی ئەوەی لە میراتیش نیوەی ماف هەیە نا میرات جیایەو کە خۆت لە دونیای جیایە کە هەدیەیەك یان بەخششێك بدەی بە کوڕەکەت ئەبێ بیدەی بە کچەکەشت وەك ئەو وە ئەبێ بیدەی بە هەموو منالەکانت بێ جیاوازی ئەگەر بێت و لە دایکی جیاش بن ئەگینا ستەمە ستەمیش تاریکیە لە ڕۆژی دوایی .

3- تەنانەت سەیر بکەن دروست نیە لەوەش فەرق و جیاوازی بکەی لە بەینی کوڕو کچ کە کوڕەکە ماچ بکەیت و بیخەیتە باوەشت بەڵام کچەکەت فەرامۆش بکەی وەکو کوڕەکە نەیخەیتە باوەشت و ماچی بکەی !.

4- ئەگەر تۆزێ بیر بکەینەوە لە فەرمودەی دووەم جەهالەت و نەفامی ئەو کەسانەمان بۆ دەر ئەکەوێ کە بەکوڕ دڵیان خۆش ئەبێ و ئاهەنگ ئەگێڕن بە کچیش قەلس و دڵ گران ئەبن و بێزار ئەبن ئەبێ ئەمە چ تاوانێ بێ سەیر کەن ئەگەر وەك یەك نەیان خەیتە باوەش دروست نەبێ ئەی ئەگەر ناڕازی بی بەوەی خوا پێتی بەخشیوە ئەبێ چ نەفامیەك بێت و چ نا عەدالەتیەك بێ !.

5- وە بۆمان دەر ئەکەوێ کە کەسێك نابێ ببێ بە شاهێد لە سەر ستەم .

6- وە ئەگەر بینیمان کەسێك نا عەدالەتی کرد لە بەینی منالەکانی و ستەمی لێ کردن ئەبێ ئامۆژگاری بکەین و بە خوا بیترسێنین و بۆی ڕوون بکەینەوە کە ئەمە تاوانەو سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وعلی اله وسلم .

ئیتر دادوەر بە ئەی براو خوشکی موسڵمانم لە بەینی منالان لە بەخشین و وەسیەت کردندا ، وە میرات گرەکانت بێ بەش مەکە لە ماف خۆیان بەڵکو لە سەرتە ڕازی بیت بەوەی کە خوا بەشی کردووە لە بەینیان وە با نەفس و ئارەزووت کارت تێ نەکا مەیل بکەی بۆ لای هەندێك لە میرات گرەکانت بێجگە لە وانی تر ماڵەکەت بە ناویان بکەی و ئەوانی تر بێ بەش بکەی خۆت بخەیتە ناو ئاگر و ڕق و قینە لە بەینی منالەکانت بڕوێنی چەند کەس وای کرد لە پاش خۆی منالەکانی بووە کێشەیان و پارەکەیان هەموو لە مەحکەمە و پارێزەران سەرف کرد و جاری واشە بووە بەشەڕیان هەندێکیان بۆ گۆڕستان و هەندێکیان بۆ خەستەخانەو هەندێکیانیش بۆ سجن ڕۆیشتوون!.

**باوکی حارث**